فاروق رەفیق

یەك كاتژمێری ماوە بۆ نیوەشەو



15468

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: یەك کاتژمێری ماوە بۆ نیوە شەو
جۆری کتێب: لێکۆڵینەوە
نووسەر: فاروق ڕەفیق
دزاینی بەرگ: نەرمین مستەفا
دزاینی تێکست: هونەر وەهبی
تایپست: علی محمد فؤاد
هەڵەبڕ: زانکۆ ئیسماعیل کریم
ژمارەی سپاردن: (١٧٥٧) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی پێدراوە
نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠٠٩
چاپ : چاپخانەی شڤان – سلێمانی
چاپ: ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

لەبری پێشەکی :

لەیەکێك لە چالاکیەکانی خانەی حیکمەتدا، لە کۆنفرانسی" نەنفال و کەینونەی کورد" (٢٠٠٨) سیاسەت مەدارێك(نەندام پەرلەمانێك) وانەیەکی نەخلاقی پێ گووتینەوەو ویستی پێمان بڵێ عاقڵ بن و باس لە شکستی نەزموونی کوردی و بەتاییەت لە پەیوەندیدا بە سیستەمی فیدراڵیەوە مەکەن. بەدەقیقی کۆی وانە نەخلاقیەکەی لەم رستەیەدا پێگووتین"کورد جەنگی وجود" ی بردۆتەوەو کێشەی "حدود"ی ماوە". تا نەوشوێنەی کە نەمە ڕاو بۆ چوونی نەو بەڕێزەیە هیچ کێشەیەك لە نارادانییە هەرچەندە ڕایەکی نادروست و ناواقیعی یە و بەرنە نجامی بیرکردنەوە نییە، کێشەکە لەوەدایە کە نەم ڕایە لەوە کەوتووە ڕای کەسێك بێت، بەڵکو بۆتە سیاسەتی ڕەسمی دەسەلاتدارانی کورد، بۆتە بۆچوونێکی باو ڕۆژانە لە میدیای حیزبییەوە بە سەدەها فۆرم دەدرێ بەگوێی مرۆڤی نەم ولاتەدا. سیاسەتێکەکە ژمارەیەك ڕۆژنامە نووس و ڕۆشنبیرو نووسەرو سیاسەتمەدار بەبەردەوامی کاری لەسەر دەکەن وەك ڕاستی بە نێمەی دەفرۆشنەوە. نێمە لەم کتێبەدا تەواو پێچەوانەی شەپۆلی سەرەکی و دژبە شەپۆلەکان مەلە دەکەین. دیارە گوێیەکمان لەو "وانەنەخلاقیە" نەگرتووەو عەجولانەو ڕەخنەگرانە دەمانەوێت بڵێین کە کورد جەنگی"وجود"ی دۆڕاندوەو کێشەی "حدود"یشی پێ چارەسەر ناکرێ و لەم جەنگەشدا دەدۆڕێ. دەمانەوێت بڵێین کە نەم وەرزە وەرزی دروێنەکردنی شکستەکانە، سیاسەت شکستی هێناوە، پەروەردە شکستی هێناوە، هونەری نووسین و بیرکردنەوە مەحف بوونەتەوە، سەردو لێژبوونەوەیەکی ترسناك هەیە لە"کلتوور" هونەرەکاندا، میدیا شکستی هێناوەو بەتاییەت میدیای حیزبی ڕۆڵێکی ترسناك دەبینێت لە پڕوپاگەندە کردندا و هەموو پرەنسیپ و بەهاکانی پایەماڵ کردووە. نەزمونی حکومڕانی کوردی لەماوەی هەژدەسانڵدا تەنیا یەك ووشە تەعبیری لێدەکات، شکست ،شکست، شکست....

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ئەم بەرهەمە بەرنەنجامی بیرکردنەوەو گەڕان و کاری ئێمەیە لەماوەی دووسالی ڕابردوودا، بیرکردنەوە لە پەروەردەو نەخلاقی مەدەنی و بیرکردنەوە لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و ڕۆڵی میدیا و چەمکی ئازادی و دواجار ئەزموونی سیاسی. هەموو ئەم ناونیشان و بابەتانەی کە ئەم بەرهەمە پێکدەهێنن بە چەندین شێوە پەیوەندیان بە ژیانی سیاسی و کلتووری و کۆمەڵایەتی ئێمەوە هەیە و بابەتەکان یەک نەوی دیکە تەواو دەکات، بەهەر هەمووشیان و وێنەیەکمان دەدەنێ سەبارەت بە ئەم هەلومەرجە سیاسی و کلتووریەی کە ئێستا دەست و پەنجەی لەتەکدا دەکەین، دیارە وێنەیەکی تەڵخەو پێچەوانەی ئەو وێنە یە کە دەسەلاتداران و سیاسیەکان و نووسەرو ڕۆژنامەنووسە حیزبییەکان دەیکێشن سەبارەت بە هەلومەرجی باو، ئێمە شتەکان وەک ئەوەی کە هەن دەیانبینین بەڵام ئەوان سەرقاڵی مکیاجکردن و جوانکردنی ئەوشتانەو ئەو کەسانەن کە مەحاڵە جوان بکرێن، سەرقاڵی شاردنەوەی ڕاستیەکانن لە خەڵکی و بگرە لە خۆشیان وەک ئەوە وایە سەربەژێر لمدا بکەن تاکو ڕاستیە تاڵەکان نەبینن.

ماوەتەوە بڵێین کەگشت ئەم بابەتانەی کە ئەم بەرهەم پێکدەهێن وەک کۆرو سیمنار لە چالاکیەکانی خانەی حیکمەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا پێشکەش کراون و هەندێکیشیان لە ڕۆژنامەی هەولێردا بڵاوکراوەتەوە .

فاروق ڕەفیق

٢٠٠٩/٨/٢١

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناواخن

١- لەبری پێشەکی..... ٣
٢- بەندی یەکەم: یەك کاتژمێری ماوە بۆ نیوە شەو..... ٥
٣- بەندی دووەم: پەروەردەی مەدەنی وەك ئەرکێکی سیاسی و شارستانی ..١٠٧
٤- بەندی سێیەم: میدیا لە چەند دیدێکی ڕەخنەییەوە..... ١٤٧
٥- بەندی چوارەم: ئاماژە سیاسیەکانی چەمکی ئازادی..... ١٨١
٦- بەندی پێنجەم: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی..... ٢١٩
٧- بەندی شەشەم: لۆژیك و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ٢٥٥
٨- بەندی حەوتەم: ڕۆژنامەگەری مەدەنی و خولقاندنی جۆاتێکی کارا..... ٢٧٧
(ووتاری یەکەم)..... ٢٦٩
٩- بەندی هەشتەم: ڕۆژنامەگەری مەدەنی و خولقاندنی جۆاتێکی کارا . ٢٨٤
(ووتاری دووەم) ٢٩٥

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library